# (گفتو گۆیکی ژیرانه لەگەڵ خوشکە ئازیزو بەڕێزەکانی باڵا نەپۆشم)

**بیانۆی پێنچەم:دەلێن دەترسم ببم بە باڵا پۆش دواتر وەك زۆرێك لە ئافرەتان باڵا پۆشیەکەم فڕێبدەم!**

**جا ئێمەش دەلێن جا ئەگەر گشت موسلمانان بەشێواز و مەنتقی تۆ بیر بکەنەوە ئەوا دەبێت هیچ موسڵمانێك دەست نەکات بە نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و پەیوەستبوون بە قورئان و سووننەت، ئینجا واز لە سەرجەم خواپەرستیێك بهێنێت، دیارە ئیبلیسی نەفرەتلێکراو سەرکەوتوو بووە لە پیلان و فێڵ و تەڵەکەکانی، توانیویەتی بە کۆمەڵێك وەهم و خەیاڵی نا دروست و ناڕاست لە ڕێنومایی بوون بێبەشت بکات.**

**هەڵبەتە خوای میهرەبان پێی خۆشە بەندەکان لە خوا پەرستی و گوێڕایەڵی و ملکەچی بەردەوام بن، ئەگەر سووننەت و موستەحەبیش بێت، چ جای بۆ فەرز و واجبەکان، هەروەك سەروەر و ئازیزمان(ﷺ) فەرموویەتی:( أَحَبُّ الأعمالِ إلى اللهِ أدْومُها و إن قَلَّ )[١] واتە:خۆشەویستترین کردەوە لای خوای گەورە بەردوام بوونە لە ئەنجامدانی ئەگەر کەمیش بێت.**

**جا لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا بۆچی تۆ بە دوا داچوون لە هۆکاری وازهێنانی ئەوان لە باڵا پۆشی ناکەیت؟ بۆ ئەوەی بەهرەمەند بیت لە ئەزموونی ئەوان، ئەوسا بەرچاو ڕوون و ووریا دەبیت، ئاوا بە ئاسانی ناکەویتە نێو بازنەی فێڵ و پیلان و تەڵەکەی شەیتانی نەفرەت لێکراو.**

[١] -**الراوي** : عائشة أم المؤمنين | **المحدث** : الألباني | **المصدر** : صحيح الجامع | **الصفحة أو الرقم** : 163 | **خلاصة حكم المحدث** : صحيح | **التخريج** : أخرجه البخاري (٦٤٦٥)، ومسلم (٧٨٣) واللفظ له.

ئەی بۆچی پرسیار لە کەسانی شەرعناس ناکەیت بۆ ئەوەی ڕێنماییت بکەن بۆ هۆکارەکانی دامەزراوەی پەیوەست بوون بە شەرع و بەرنامەی خوای باڵا دەست، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾﴾ النساء: ٦٦

واتە: وە ئەگەر بەڕاستی ئەوان کاریان بکردایە بەپێی ئەو ئامۆژگارییانەی دەکران و دەستیان بگرتبایە بەهۆکارەکانی ڕێنمایی بوون، ئەوسا تام و چێژی باوەڕیان دەچێشت، هەڵبەتە ئەوە باشتر بوو بۆیان وە دامەزراوتر دەبوون لەسەر ئایینەکەیان)[٢].

- بیانوی شەشەم: پێم دەڵێن ئەگەر باڵا پۆش بیت هیچ گەنجێك ناتخوازێت! بۆیە بڕیارم داوە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری باڵا پۆش بم!

خوشکە بەڕێزو سەنگینەکەم :ئێمە دەپرسین ئایا گەنجێك بە سفوری و خۆدەرخستن و سەرکەشی کردن لە فەرمانی پەروەردگاری کارزان و پەیامبەرەکەی تۆی دەوێت؟! ئایا پیاوێك دەکەیتە هاوسەری خۆت غیرەتی لەبەرامبەر قەدەغەکراوەکانی خوای گەورە و لەسەر تۆ نەبێت؟! ئەگەر تۆ ئافرەتێکی باوەڕداری پێویستە ئەو جۆرە گەنجانە بەشایەنی خۆتی نەزانیت، ئینجا هاوسەرێك پاڵپشتت نەبێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای باڵادەست و چوونت بۆ بەهەشت و ڕزگار بوونت لە دۆزەخ، پێم بڵێ چۆن دڵخۆش و بەختەوەر و ئارام دەبیت؟! دڵنیابە هەر ماڵێك لە سەر بناغەی لادان و گوناهـ و تاوان و سەرکەشی و تورەیی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات و پەیامبەرەکەی (ﷺ) بنیادنرا، ئەوا پەروەردگاری مەزن بڕیاری بەدبەختی و نائارامی و ژیانێکی تەنگ و ناخۆشی بۆ داون لە دونیا، وە دواڕۆژیش سزایێکی سەختیان بۆهەیە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: قَالَ تَعَالَىٰ: أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾ النور: ٦٣ واتە: دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەری

[٢] - تفسيري ئاسان

**خوای باڵا دەست دەکەن بترسن لەوەی کە تووشی تاقی کردنەوەیەکی سەخت، یان تووشی سزایەکی بە ئێش ببن.**

**هەڵبەتە پرۆسەی هاوسەرگیری نیعمەتێکە و پێویستی بە سوپاسگوازریە، سوپاسگوازاری ئەم نیعمەتەش بریتیە لە ملکەچبوون بۆ فرمایشتەکانی پەروەردگاری کاربەجێ، دیارە سوپاسگوزاری کار و هەنگاوەکان پڕ لە خێروبەرەکەت دەکات، ئینجا بزانە سوێند بەخوای مەزن هاوسەرگیرییێك سەرەتاکەی بە سەرکەشی و مەعصیەت دەستپێبکات بێ گومان خێرو بەرکەتی بە دواوە نابێت.**

**دواجار پێت دەلێم خوشکی ئەزیزم ئەوانەی باڵا پۆشن زۆر زیاتر لە باڵا نەپۆشەکان خوازبێنیان بۆ دێت، تەنانەت ئەوانەی بەرچاو و جوان نین پەروەردگاری باڵا دەست بێبەشی نەکردون لە نیعمەتی هاوسەرگیری بەهۆی گوێڕایەڵی و ملکەچیان بۆ فەرمایشتەکانی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات.**

بیانوی هەشتەم : دەلێت دەزانم باڵا پۆشی واجبێکی شەعیە، بەڵام کەی خوای گەورە ڕێنمووی کردم و هیدایەتی دام ئەوسا دەبم بە باڵاپۆش..

خوشکە بەڕێزەکەم: خوای کارزان بۆ هەموو شتێك هۆکار و سەبەبی داناوە، تۆ هەنگاو بنێ بەرەو پەروەردگاری میهرەبان و هەوڵ بدە و تێبکۆشە دڵنیابە خوای گەورەش ڕێنموویت دەکات و هیدایەت دەدات، ئەوە بەڵینی خوای باڵا دەستە بۆ بەندەکانی، هەروەك فەرموویەتی:﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾
العنكبوت: ٦٩

واتە: ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە" هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان ماندوو کردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنموویی دەکەین بۆ هەموو

ڕێگایەکی چاك و دروستی خۆمان (کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمەی لەدوایە)، بێگومان خوای مەزن هەمیشە لەگەڵ چاکەکارانە)[٣].

**جا خوشکەکەم ئەگەر ڕێنمویی وهیدایەتت گەرەکە ئەوا هۆکارەکان بگرە بەر و هەنگاویان بۆ بنێ.**

**بیانۆی نۆیەم:** دەڵێت من هێشا بچووکم و کاتم لەبەردەمە با تۆزێك گەورەتربم ئەوسا تۆبەیێك دەکەم و بڕیاری باڵا پۆشی دەدەم!

**ئێمەش دەڵێن خوشکە ژیرەکەم: کاتێك فریشتەی گیان کێشان دێت چاوەڕوانی خۆئامادەکردن** و ڕازیبوونی تۆ ناکات! دڵنیابە تەنانەت یەك کاتژمێریش مۆڵتت پێنادات، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ٣٤ ﴾ الأعراف: ٣٤ واتە: وە بۆ هەموو ئوممەتێك کاتێکی دیاری کراو هەیە (بۆ مردن و سزادانیان) ئینجا کاتێ ماوەی ( مردن یا سزا)کەیان هات ساتێك دوا ناکەون و ساتێکیش پێش ناکەون)[٤].

**ئینجا مردن بچووکی و گەنجی و گەورەیی و پیری نازانێت. ئەی چی دەکەیت ئەگەر لەسەر ئەم گوناهـ و سەرکەشیە گیان بسپێریت؟!** دڵنیابە ئەوسا پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت و دەڵێیت خۆزگە کاری چاکەم پێش خۆم خستبایە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي ٢٤ ﴾ الفجر: ٢٤

**واتە: ( ئینجا بە داخ و حەسرەتەوە دەڵێت خۆزگە لە دونیا کاری چاکم پێش بخستبایە بۆ ئەم ژیانەم )[٥].**

---

[٣] - پوختەی تفسیر
[٤] - پوختەی تفسیر
[٥] - پوختەی تفسیر